# پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان
# پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان

**نەرمین عەلی**

یەکێکی تر لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران بەرهەمێکی دیکەی (نیاز سەعید عەلی)یە، بەناوی پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، بە زنجیرەی هۆشیاری (32)، لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی و بە قەبارەی (56) لاپەرە چاپکراوە، نووسەری ئەم نامیلکەیە لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی بە زاراوەی هەڵبژاردن کردووە، نووسیویەتی هەڵبژاردن پرۆسەیەکە هەرچەند ساڵێك جارێك ئەنجام دەدرێت، بە ڕێبازێکی ئاشتی و یاسایی و دیموکراسی، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی و سیستمێکی بەڕێوەبردن، لەسەر بنەمای دیاریکردنی کۆی ژمارەو ڕێژەی سەدیی دەنگەکان، بە پشتبەستن بە یاساو سیستمێکی بڕیارلێدراوە".

دواتر نووسەر دێتە سەر باسی پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێك لەوانە بەشداریکردنە کە ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی هەڵبژاردنەو هاووڵاتی پێش وەخت بڕیاری خۆی داوەو بەبێ دوودڵی دەچێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، ئەمەش سێ پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، توێژی یەکەم سیاسییەکان، ئەوانەن کە ئینتیمای سیاسیان بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان هەیە، دووەم: هەڵسوڕاوان و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، کە ئەم پێکهاتەیە دەتوانێت ڕۆڵی مامناوەند و هاوکار بگێڕێت لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، سێیەم: هاووڵاتییە بێلایەنەکان، ئەم بەشە لە کۆمەڵگە لەو هاووڵاتیانە پێکهاتووە کە هیچ ئینتیمایەکی سیاسیان بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هیچ ئینتیمایەکی ڕێکخراوەییان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی نییە.

دواجار نووسەر دێتە سەر هۆکارەکانی بایکۆتکردنی بەشێك لەو هاووڵاتیانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لێرەدا باس لەو هاووڵاتیانە کراوە کە بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن و هۆکارە سەرەکی و لاوەکییەکان خراونەتەڕوو کە هەندێکیان هۆکاری بابەتین.

